Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090309

# مۆراڵ و زمـان

سەلام ڕەحیم ڕەشید
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان
نەوزاد ئەنوەر عومەر
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیـە
جەلال سەعدوڵلا حەسەن
بەشی زمانی ئینگلیزی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان

*Article Info*

Received: April ,2022
Accepted : June,2022
Published :September ,2022

*Keywords*

زمان ، مۆراڵ ، ئیتیك ، کەلتور ، بەها.

Corresponding Author

alam.raheem@garmian.edu.krd
nawzad.anwer@koyauniversity.org
Jalal.sadullah@garmian.edu.krd

**پوختە**

مۆراڵ کایەیەکی گرنگی ژیانە، خۆی لە کۆمەڵێك ڕەفتار و هەڵسوکەتی پێرەوکراودا دەبینێتەوە، کە کۆمەڵ بڕیار لە بارەی چیەتی و چۆنیەتی، و ڕاست و دروستییانەوە دەدات، کە ئەم پێرەوکراوانە دەبنە بەهای مۆراڵی، کەواتە مۆراڵ بۆماوەیی نییە، بەڵکو لە دەوروبەرەوە بە ئەزموون سەرچاوەدەگرێت. ئەم توێژینەوەیە (مۆراڵ و زمان) لە بواری زمانەوانیی کارەکی دایە، کە وەك بابەتێکی کۆزمانەوانی لە زمانەکانی دیکە شایەنی گرنگیپێدان و لێتوێژینەوەبووە، بەڵام وەك ئەوەی بزانرێت ئەم بابەتە پەیوەست بە زمانەوانیی کوردییەوە لە چوارچێوەی کارێکی سەربەخۆدا بەرچاوناکەوێت، بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هەوڵێك، کە بە هۆیەوە گرنگی و کاریگەریی مۆراڵی زمانی و بنەماکانی نیشادیدرێت، چونکە زمان و مۆراڵ وابەستەی یەکدین، و زۆرجار جیاکردنەوەیان ئاسان نابێت، هەروەها بۆ نرخاندنی مۆراڵی مرۆییش پشت بەزمان دەبەسترێت، چونکە ئەوە نۆرمەکۆمەڵایەتییەکانی زمانن، کە دەتوانن ڕەفتارە نادروستەکان بۆ ڕەفتاری دروست بگۆڕن، هەر زمانیشە، دەتوانێت بە نواندنە ئاوەزییەکانمان بگەیەنێت، کە پشت بە لێهاتووییەکانی هزر و ئاوەز دەبەستێت، ئەمەش کارلێکی نێوان زمان و بەها و مۆراڵ دەگرێتەوە.

میتۆدی نووسینەوەی بابەتەکە، ڕێبازی شیکاریی پەسنکەرانەیە، سروشتی کارەکەش وایخواستووە، جگە لە پێشەکی، کە سەرەتایەکە بۆ چوونە نێو بابەتەکەوە دابەشی سەر دوو بەش بکرێت:

بەشی یەکەم: بۆ هەریەکە لە چەمکی مۆراڵ و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی، لەگەڵ گرنگی مۆراڵ لە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا تایبەتکراوە. بەشی دووەم: لەم بەشەشدا تیشك خراوەتە سەر مۆراڵ و زمان، گرنگی مۆراڵ لە زماندا، لەگەڵ مۆراڵی زمانی، دواتریش لە هەریەکە لە ئیتیك و مۆراڵ و پەیوەندی و جیاوازیی نێوانیان، لەگەڵ بەهای مۆراڵییە جیهانیەکان توێژراوەتەوە.، ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، ڕیزکردنی سەرچاوە سوودلێوەرگیراوەکان، لەگەڵ ئەم پوختەیە بوونە کۆتایی ئەم هەوڵە.

**پێشەکی:**

ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە (مۆراڵ و زمان)ە، کە تێیدا هەوڵدەدرێت لە پێوەندیی زمان و مۆراڵ و چۆنیەتی پیادەکردنی مۆراڵ لە زماندا بتوێژرێتەوە، لەگەڵ دیاریکردنی بنەما و خاسیەتەکانی مۆراڵ و گرنگی ئەم چەمکە و پێوەندیی بە بابەتەکانی دیکە، تایبەت پێوەندی و جیاوازیی نێوان مۆراڵ و ئیتیك، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە توێژینەوەکە لە بواری زمانەوانیی کارەکیدایە، و لە نێو ئەو زانستەشدا دەکەوێتە نێو کۆزمانەوانییەوە، وەك پێوەندییەکی نێوان زمان و کۆمەڵ.

هۆکاری هەڵبژاردن و گرنگی بابەتەکە:

ئەنجامدانی توێژینەوە لە هەر بوار و بابەتێکدا گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە، مۆرال و زمانیش لە بابەتە گرنگ و سەردەمییەکانە، بەڵام لە زمانەوانیی کوردیدا توێژینەوەی کەم و سنورداری لە بارەوە کراوە. یا وەك ئەوەی بزانرێت لایەنەکانی ئەم بابەتە بەم فرەوانییەی ئەم توێژینەوەیە ئەنجامنەدراوە، لەم ڕوانگەیەوە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی ئەم بوارە ئەم بابەت و ناونیشانە هەڵبژێردراوە.

سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە شێوەزاری (سلێمانی)ی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست، کە ڕێچکەی ستانداردبوونی وەرگرتووە نووسراوە، کەرەستە بەکارهاتووەکانیش لە زمانی ڕۆژانەی قسەپێکەران و سەرچاوە بەکارهاتووەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکەوە وەرگیراون.

گرفتی توێژینەوەکە:

جگە لەوەی لە نێوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا، بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە چەمکی مۆراڵ هەیە، کە هەندێك بە (ئیتیك/ETHICS)و هەندێك بە (ورە/ معنویاتMORALE)ناوزەندی دەکەن، هیچ توێژینەوەیەکی زمانەوانیی تایبەت بە مۆراڵ بەرچاوناکەوێت.

میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە پێی میتۆدی شیکاریی پەسنکەرانە ئەنجامدراوە، بە جۆرێك دوای کۆکردنەوەی داتا و بەڵگەی پێویست بە شێوەیەکی بابەتییانە ئاراستەی پێوەندیی مۆراڵ و زمان، لەگەڵ بنەما و تایبەتمەندییە گرنگەکانی مۆراڵ شیکراونەتەوە.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لەم پێشەکی و پوختەی توێژینەوەکە ، دابەشکراوە بەسەر دوو بەشدا:

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە بۆ چەمکی مۆراڵ و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی مۆراڵ، لەگەڵ گرنگی مۆراڵ لە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا تایبەتکراوە. بەشی دووەمی توێژینەوەکە کە مەبەستی سەرەکیمانە، تیشك خراوەتە سەر هەریەکە لە: مۆراڵ و زمان، گرنگی مۆراڵ لە زماندا، مۆراڵی زمانی، هەروەها باس لە ئیتیك و مۆراڵ و پەیوەندی و جیاوازیی نێوانیان، و بەهای مۆراڵییە جیهانیەکان کراوە.

لە کۆتایشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووین، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

**بەشی یەکەم**

١ . ١: چەمکی مۆراڵ

مۆراڵ چەمکێکی ئاڵۆز و لێڵە و هەمیشە جێگەی مشتومڕی فەیلەسوفان و مۆراڵناسان بووە، و گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێت، بۆیە کۆدەنگییەکی ڕەها سەبارەت بەم چەمکە ئاسان نەبووە، بە جۆرێك بە پێی قۆناغەکان و ئەو ڕۆشنبیری و ڕێبازانەی نووسەران و توێژەرانی ئەم بوارە پێوەی کاریگەربوون گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لێرەدا بە پێویستی دەزانین پێش ئەوەی باس لە چەمکی مۆراڵ بکەین، دەبێت ئەوە بزانین کە دوو ڕێگەی سەرەکی بۆ توێژینەوەی مۆراڵی بەردەستن.

ڕێگەی یەکەم: پشت بە میتۆدی وەسفی شیکاری دەبەستێت، کە جەخت لەسەر تێبینی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ و بەدەستهێنانی دەرئەنجام لەسەر تێبینییەکان دەکاتەوە.

ڕێگەی دووەم: ڕێگەیەکی تەواو فەلسەفییە، کە لە دوو بەش پێکدێت، ئەوانیش

بەشی یەکەم: ئەم بەشە نۆرمێکی ستاندارده، و بریتییە لەوەی کە پێویستە چۆن هەڵسوکەوت بکەین.

بەشی دووەم: میتائیتیك، کە خۆی لە شیکردنەوەی فەلسەفییانەی زمان و بۆچون و بنەماکانی سیستەمی ئیتیك دەبینێتەوە.

هەروەها مۆراڵ لەسەر چەندین تەوەر و بابەت پراکتیزە دەکرێت، کە بریتین لە:

١- ئایین: لە تەوەری ئاییندا مۆراڵ بەو شێوەیە بنیاتدەنرێت، کە پەیوەندییەکی (ڕوح/ گیان)ی خودی مرۆڤ و هێزێکی سەروی هێزی مرۆڤ (پەروەردگار)ە.

٢- سروشت: لەم تەوەرەدا مۆراڵ لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشتدا پراکتیزەدەکرێت.

٣- تاك: لە بارەی بنەمای تاك لەگەڵ خودی خۆیەوە.

٤- کۆمەڵگە: لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان تاك و کۆمەڵگە، لە ڕێگەی ئاخاوتنی مرۆڤەوە، کە مەبەستی توێژینەکەی ئێمە دەگرێتە خۆی (http://www.dityt.com/frankena/ethics.htm/).

سەبارەت بە چەمکی مۆراڵ، مۆراڵ چەمکێکی فرە ڕەهەندە، و زۆر لایەن و بوار لەخۆدەگرێت. لە زمانی ئینگلیزیدا جارێك وەکو ئاوەڵناو هاتووە، کە بە واتای (ئەخلاق/ ڕەوشتی، مەعنەوی/ ورە، ئەدەبی، روحی/گیانی، پابەندبون/افتراضی) لێکدەدرێتەوە، وەك و ناویش واتای (ڕەوشت، مەبەست، پەند) دەگەیەنێت.

مۆرال لە بناخەدا وشەیەکی لاتینییە، و لە (مۆرالیتاس)ەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە لایەن (شیشریۆن)ی فەیلەسوفی ڕۆمانییەوە (١٠٦-٤٣پ.ز) بەکارهێنراوە. ناوبراو ئەم وشەیەی لە بنەڕەتە لاتینییەکەی (Mos)ەوە، کە واتای عادات و نەریت دەگەیەنێت وەرگرتووە، هەروەها ئەوەی گرنگییەکی زیاتری هەیە وشەی (مۆریس) کۆی وشەی (مۆسە)، کە بە بە واتای (ئاگردان ، لانە ، ماڵ)یش هاتووە.

- مۆرال لە فەرهەنگی دالی ڕوسیدا، وەك یاسا بۆ ویست و ویژدان باسکراوە، ئەشێ وەك دادوەریکردن و تێگەیشتن لەبارەی چی باشە و چی خراپە لەقەڵەمبدرێت. لێرەدا مۆراڵ ڕێوشوێنە، چاوچێوەیە، ماڵە و پاسەوانی مرۆڤە (ئومید حەمە عەلی، ٢٠١٨: ١٣٩-١٤٠).

- خستنەڕووی لایەنە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی کەسێتیی مرۆڤی مەزن پێدەگوترێت: مۆرال، هاوکات بە مانای کۆمەڵێ ڕێورەسم و نیشانە و تایبەتمەندی و هەڵسوکەوت و دیاردەی سۆسیۆلۆژی دێت، کە هەڵێنجراو و

دەرئەنجامی یاسا کۆمەڵایەتی وئابوری و مێژویی و کەلتوری وچینایەتییەکانی هۆزێك یان قۆناغێکی مێژوییە، هەموو ئەمانەش دەکرێ رێژەیی بن و شیاوی گۆڕان بن.

- مۆرال پێکهاتەی رواڵەتێکی دیاریکراوی مرۆییە، بە چەند جۆرێك، لەم جیهانەدا و لە نێو تەواوی بونەوەراندا جیای کردۆتەوە و بۆتە تایبەتمەندی بۆی، هاوکات بریتییە لە کۆمەڵە بەهایەك، بە ئەندازەیەك هیچ فێرگەیەك نییە، کە پێرەوێکی بەهایی بەم چەمکەوە تایبەت نەکردبێت، چونکە هەموو قوتابخانە ئەخلاقییەکان بابەتی سەرەکییان مرۆڤە، و هەر ئەویشی کردۆتە سەنتەر و تەنانەت کەسێتیشی دیاریدەکات، بەو پێیەی هەموو تاکێکیش ئەندامێکی کۆمەڵەگەکەیەتی، بۆیە توێژینەوە لە مۆراڵ و نواندنی مۆراڵی لە ئاخاوتن و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەوە بەرجەستە دەبێت (عەلی شەریعەتی، ٢٠١٥ : ١٠ ـ ١١).

مۆراڵ بریتییە لە کۆمەڵێك ڕەفتار و هەوڵسوکەتی ستاندارد، هۆکارە بۆ پێکەوە ژیان و هەرەوەزی و هاوکاری نێوان مرۆڤەکان، و ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەش، کۆمەڵگە بڕیار لەسەر ڕاست و دروستیان دەدهات، کە هەندێجار تاك دەبێتە قوربانی لە ئەنجامی پیادەکردنی ئەو ڕەفتار بەها مۆراڵیانە، لە پێناو بەرژەوەندیی کۆمەڵگە، یان بریتییە لەو نەریت و کردارانەی، کە دەکرێن یاخود ناکرێن و بەشێوەیەکی بەربڵاو پەسەندکراوی کۆمەڵگەن.

(http://www.dityt.com/frankena/ethics.htm/)

هەر تاکێك دژی ئەم ڕەفتار و هەڵسوکەوتە ستانداردە بوەستێت ئەوە بە نامۆراڵ (emmoral) هەژماردەکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی مۆراڵ پێڕەوێکە لە بەهاو پێوەری ڕەفتاری، کە کۆمەڵگە بۆ خۆی و تاکەکانی قبوڵی کردووە، و ئەرکی ئاراستەکردنی تاکەکانە بۆ ئەو کارەی پێویستە ئەنجامی بدەن، و ئەو کارەشی کە پێویستە لێی دووربکەونەوە، لە هەڵوێستە جیاوازەکانی ژیانیاندا (شیرین صالح محمد، ٢٠٢١: ١٩١).

١ . ٢: جۆرەکانی مۆراڵ:

زانایان چەند بنەما و پێوەرێکیان بۆ پۆلێنکردن و جۆرەکانی مۆراڵ بەکارهێناوە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین:

یەکەم: پۆلێنکردنی مۆراڵ لەسەر بنەمای پەیوەندی:

١. پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و ئەفرێنەرەکەی (یەزدان)، ئەم جۆرە تاك پابەنددەکات بەوەی، کە باوەڕی بە خودا هەبێت.
٢. پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و دەوروبەرەکەی، وێنەی ڕەفتاری گونجاو لە کردەی پەیوەندیکردندا، بریتییە لە ڕاستگۆیی، لێبوردەیی، مرۆڤدۆستی، دەستپاکی...تاد.
٣. پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی ، ڕەفتاری گونجاو لەمجۆرە پەیوەندییەدا وەك ، ئارامگرتن لەکاتی تەنگانەدا، ڕێکخستن و شارەزابوون لە کار و پیشەد ، ئارامی دەروونی خود.
٤. پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و زیندەوەرانی تر، ڕەفتاری گونجاو لێرەدها، بریتییە لە بە بەزەیی بوون و نەرمی مامەڵەکردن لەگەڵ زیندەوەرانی دیکەدا (مؤسسة الدرر السنية: ٢٧-٢٩).

دووەم: پۆلێنکردنی مۆراڵ لەسەر بنەمای جۆری کارەکە:

١. کرداری باش: بریتییە لە ڕەفتار و ڕەوشتجوانی مرۆڤەکان، وەك ڕێزگرتنی خەڵکی و ڕاستگۆیی و سپاردەپارێزی.
٢. کرداری خراپ: ئەمەشیان ڕەفتار و ڕەوشتخراپی مرۆڤەکان دەگرێتەوە، وەك درۆکردن، ئیرییی، ئاژاوەگێری ...تاد. (خالد بن جمعه بن عثمان الخزار، ٢٠٠٩ : ٢٦).

سێیەم: پۆلێنکردنی مۆراڵ لەسەر بنەمای چۆنێتی:

١. بەرژەوەندی: پێوەری بە مۆراڵ دانانی کارێك، کە لەگەڵ بەرژەوەندیی تایبەتی تاکەکەسدا بگونجێت.
٢. چاولێکەری: بە مۆراڵ دانانی کارێك، کە زۆربەی خەڵکی بە ڕاستی بزانن، لەسەری ڕێکبەکەون.
٣. ویژدانی: بەمۆراڵ دانانی کارێك بریتییە لە ویژدانی زیندوی تاك و کار بۆ بەرژەوەندیی خۆی ناکات (کریم شریف قەرەچەتانی، ٢٠٠٩: ٢٠٤).

چوارەم: پۆلێنکردنی مۆراڵ لەسەر بنەمای جۆری ئەنجامدان:

١. مۆراڵی تیۆری: بریتییە لە بەدواداچوون و گەڕان بە دوای بنەما و پێوەرەکانی ڕەفتاری باش و خراپ، ئامانجەکانی مرۆڤ لە ژیانداو ئەو هۆکارانەی دەبنە مایەی بەدیهاتنی ئاسودەیی.
٢. مۆراڵی کارەکی: بریتییە لە چاودێریکردنی لایەنی تیۆری و ئاستی جێبەجێکردنی لە کەتوار (واقیع)دا (ايمان عبدالمؤمن سعدالدين، ٢٠٠٢: ٣٨).

١ . ٣: مۆراڵ و تایبەتمەندییەکانی

١. مۆراڵ دیاردەیەکی چەسپاو و جێگیر نییە، بەڵکو لە کەلتور و کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کەلتور کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێت، بە هۆکاری (ئایین، جوگرافیا، خێزان، ئەزمونی ڕۆژانە).
٢. دەکرێت مۆراڵ وەکو نەخشە ڕێگایەك پراکتیزەبکرێت، و تاك بە پیادەکردن و پابەند بوون پێوەی لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا ناچاربکات.
٣. هەڵسوکەوتی مۆراڵی، واتە ئەنجامدانی هەندێ شت و خۆ بەدورگرتن لە هەندێکی دیکە، چونکە بەبێ بەها مۆراڵییەکان ژیانمان دەبێتە ژیانێکی تێکچڕژاو (فوضوی)، چونکە مۆراڵ بەرژەوەندیی تاك و کۆ بەرجەستەدەکات.
٤. مۆراڵیتی نەك تەنیا بە مانای باوەڕبوون بە بەها باشەکان دێت، بەڵکو بە مانای هەڵسوکەوت و کارکردن بەپێی ئەو بەهایان دێت، واتە مۆراڵ کردەیەکی جێبەجێکەرانەیە، نەك تەنیا لایەنی تیۆری و زانین.
٥. نەریت و خو و یاساکان وادەکات مرۆڤ مۆراڵی بێت، کەواتە ڕێگەیەکە بۆ بەدەستهێنانی پێویستی و خواست و ئامانجەکان.

(http://www.dityt.com/frankena/ethics.htm/).

١ . ٤: مۆراڵ و کۆمەڵ

جگە لەوەی مۆراڵ بنەما و پایەیەکی گرنگی پاراستن و هاوسەنگ ڕاگرتنی ژیان و هێشتنەوەی کۆمەڵگەیە بە شێوەیەکی پتەو و بەهێز، هۆکارێکیشە بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ، و بەبێ بوونی مۆراڵ لە کۆمەڵگەدا ژیان جۆرێك لە نائارامی و فەوزای تیدا دەردەکەوێت، و تاك بەرەو خواست و بەرژەوەندییە تایبەتی و شەڕەنگێزەکانی هەنگاودەنێت، بەبێ بیرکردنەوە لە بەرژەوەندیی گشتی، کەواتە مۆراڵ یەکێکە لە لایەنە دیارەکانی ژیان و گوزارشتکردن لە کەسایەتیی مرۆڤ، بنەمایەکیشە بۆ پێگەیاندنی تاکێکی باش و چالاك،

هەروەها لە ڕێگەیەوە هەوڵی چەسپاندنی دادپەروەری و یاسا گونجاوەکان لە کۆمەڵگەدا دەدرێت، وبۆ بوارەکانی تریش پێویستییەکی خورتییە (شیرین صالح محمد، ٢٠٢١: ١٩١)، واتە مۆراڵ یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی پەیوەست بە ژیانی تاك و کۆمەڵگەکان، هۆکارێکە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە و ئاراستەکردنی بە شێوەیەکی دروست، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، مۆراڵ چەند بۆ تاك گرنگە، هێندەش بۆ کۆمەڵگە پێویستە.

١ . ٤ . ١: گرنگی مۆراڵ بۆ تاك

١. لایەنێکی سەرەکییە لە پێکهاتن و دروستکردنی کەسایەتیی تاکدا، نەخشەڕێگای ئامانجەکانێتی لە ژیاندا، توانای زاڵبوون بەسەر ئارەزووە نەخوازراوەکان و جیاکردنەوە و هەڵبژاردنی ڕەفتاری باشی بەسەر خراپدا پێدەدات.
٢. هۆکاری سەرکەوتنی تاکە، چونکە خۆشەویستی بەها باڵاکان لە ناخی تاکدا دەچەسپێنێت، ئەمەش دەبێتە مایەی خۆشەویستی تاك لە خێزان و کۆمەڵ و کۆمەڵگە، ئەمەش دەبێتە یارمەتیدەرێکی باشی سەرکەوتنی تاکە.
٣. مۆراڵ کار لەسەر چاککردنی دەروونی مرۆڤ دەکات، و پیادەکردنی وا لە تاك دەکات ببێتە خاوەن دەروونێکی ئارام و تەندروست، بتوانێت ڕووبەڕووی سەرجەم ئەو کێشانە ببێتەوە، کە دێنە ڕێگای، وەك زانراوە ڕەفتاری مرۆڤ ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیی و ئەدگار و تایبەتمەندییە ناوخۆییەکانێتی.
٤. مرۆڤ لە جەستەو ڕوح ، دیار و نادیار پێکهاتووە، مۆرال دیوە شاراوە و نادیارەکەی مرۆڤ نیشاندەدات (موسوعة الأخلاق، الجزء الأول: ٢٥).

١ . ٤ . ٢: گرنگی مۆراڵ بۆ کۆمەڵگە

١. مۆراڵ وابەستەیە لەگەڵ سەرجەم کایەکانی ژیانی کۆمەڵگە ، لە سەرجەم بوارەکانی وەك (پەروەردە، سیاسەت، بازرگانی، کۆمەڵایەتی، ئایین، زانست، ... تاد.) و هۆکارە بۆ فەراهەمکردن و دەستەبەرکردنی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە، و لادان لە بنەما مۆراڵییەکانی هەریەکە لەو بوارانە، هۆکارە بۆ بە لاڕێدابردن و ناسەقامگیریی کۆمەڵگە.
٢. پیادەکردنی مۆراڵ و بنەماکانی، فاکتەرێکی سەرەکی و گرنگی پاراستنی کۆمەڵگەیە لە ڕەفتارە خراپەکان و مانەوەیەتی وەکو کۆمەڵگەیەکی زیندوو.
٣. پیادەکردنی بەها مۆراڵییەکان لە کۆمەڵگەدا، دەبێتە بنەمای فەراهەمکردنی ئاشتی و ئاسایش و متمانە و خۆشەویستی خاك و نەتەوە، و پێچەوانەکەشی، خراپەکاری و ململانێ و بەرژەوەندیی تاکەکەسی بەدوای خۆیدا دەهێنێت (شیرین صالح محەمەد، ٢٠٢٠ : ١٩٤ -١٩٥).

**بەشی دووەم**

٢ . ١: مۆراڵ و زمان

زمان ڕەگەزی سەرەکی پێکهێنەری تاك و کۆمەڵگەیە، بەبێ زمان نە تاك دەبێتە تاکێکی کامڵ تەواو ، و نەکۆمەڵگەش دەبێتە کۆمەڵگە ، چونکە بنەمای سەرەکی بەکۆمەڵگە بوون و بە کۆمەڵایەتی بوون بەهۆی زمانەوە دێتەئاراوە، گەر کۆمەڵکاری و بەرهەمهێنان و پێشکەوتنی شارستانییەت، پایەی هەرە لەپێشی کۆمەڵگە بوون و کۆمەڵایەتی بوون بێت، ئەوا بەبێ بوونی زمان و لێکتێگەیشتنی هاوبەش، کۆمەڵکاری و بەرهەمهێنان پێکنەدەهات، و شارستانییەت بەرەو پێش نەدەچوو. بۆیە دەگوترێت، زمان خودی ژیانە، زمان بەرهەمهێنان و شارستانییە، دابڕان لە زمان دابڕانە لە کەلتور و دابڕانە لە کۆمەڵایەتی بوون و دابڕانە لە پیادەکردنی بەهای مۆراڵی و ناسنامەی ژیان، زمان ڕەگەزی سەرکی پیادەکردنی بەهای مۆراڵییەکانە، کە بە زمانی مۆراڵی ناودەبرێت (محەمەد بەکر، ٢٠٢١ : ٣٧).

٢ . ١ . ١: گرنگی مۆراڵ لە زماندا

گرانە بەبێ بوونی زمان بتوانین هەڵسەنگاندن بۆ مۆراڵی مرۆیی بکەین، گومانیش لەوەدا نییە کە هۆشیاریی زمانی پەروەردەیەکی جوانکارییە، ناچێتە دەرەوەی چوارچێوەی کەتواری کۆمەڵ و وابەستەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، جگە لەوەی داهێنانە و گوازرشتە لە جوانی خۆی، بنەمایەکی گرنگی بونیاتی قەوارەی کۆمەڵایەتییە (منير الحافظ :٢٠٠٥ : ١٢١).

پیادەکردنی بەهای مۆراڵی لە کۆمەڵگەدا پەیوەستە بە ئاخاوتن و زمانەوە، لە سەرەتادا دەبێت زیاتر بزانین دەربارەی پەیوەندیی نێوان شێواز و ئەرکی مۆراڵ، کە دیاریدەکرێن لە کاتی ڕەنگدانەوەی توانای زمانەوانی بۆ بڕیاردانی مۆراڵی، هەروەها دەتوانین بیربکەینەوە لە چەمکی پەیوەندیی ئەرك-ئیش لە ڕووی مۆراڵەوە. بیرۆکەی سەرەکی هەڵسەنگاندنی مۆراڵی ئەوەیە، کە شتێکی گوزارشتکار یا بەهەست یان کەسی ئەنجامبدرێت (Joe Bennet: 2014:75).

مۆراڵ، ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە گەشەکردنی زمان، چونکە زمان و مۆراڵ پەیوەستن پێکەوە و مۆراڵی مرۆیی، داوای زمان دەکات و مۆراڵی زمانی (ئەو مۆراڵانەن، کە لە زماندا بە کۆدکراون)، دەتوانێت کۆمەکی هەڵاوێرکردنی کۆمەڵ بدات و ئاسانکاریی فەراهەمبنێت، و بۆ گۆکردنیان تەنیا پێویستمان بە زمانە بۆ شیکاریکردنیان (شیلان عومەر حسین، ٢٠٢٠ : ٣٠٥).

توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە زمان کاریگەرییەکی ڕوونی لەسەر پێکهاتە مۆراڵییەکان هەیە، و پێدانی خەسڵەتی فراوان بە وشەکان لە ڕووی هەمەچەشنی واتاکان و جوانی و گونجان و شێوازەکانی، چونکە پابەندبوون بە مۆراڵی بەرز و پێشکەوت و یارمەتیی بوونی زمانێکی بەرز و زیندو دەدات، چەندین دەستەواژەی مۆراڵی و ئەدەبی لە فەرهەنگ و وشەدانی خۆیدا بەکاردەهێنێت، واتە هەر زمانە پیادە و پراکتیزەی بەها مۆراڵی و نامۆراڵییەکانیش دەکات (خالد بن محمد بن سعيد، ٢٠٢١ : ٢٧).

٢ . ١ . ٢: زمانی مۆراڵی

زمانی مۆراڵی، بە ڕونی بەشێکە لە زمانی ڕۆژانەمان، و زمانێکی زانستی پەتی نییە، وەکو زمانی زانستەکانی (فیزیا و بیرکاری، یا زمانی ڕەخنەی ئەدەبی)، کە تێیدا ئاخێوەر پێویستی بە پسپۆری شارەزایی و کارامەیی تایبەت بە زاراوەکانی ئەو زانستانە هەیە، بەڵکو زمانی مۆراڵی ئەو زمانەیە، کە ئاخێوەر تێیدا پێویستی بە هەڵبژاردن و بڕیاردان هەیە، هەروەها زمانی هەڵسەنگاندن و ئاراستەکردنی ئامۆژگارییە سەبارەت بەو زنجیرە کردارو هەڵسوکەوتانەی، کە ڕۆژانە دوچاریان دەبینەوە.

زمانی مۆراڵی ئەو جۆرە زمانەیە، کە بۆ هەڵوێست وەرگرتن و لێبوردنی بەرپرسیارێتی بەکاردێت. لە هەمان کاتدا ئەو زمانەیە مرۆڤەکان بە بنەمای کردار و هەڵسوکەوتەکانییەوە پابەنددەکات.

زمانی مۆراڵی پەیوەستە بە دەستنیشانکردن و بڕیاردان لەسەر پراکتیزەکردنی بژاردەیەك بۆ ڕووبەڕوبونەوەی کۆمەڵێك جێگرەوەی کرداری، و

جۆرێکە لە زمانی پراکتیکی، کە دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: چی بکرێت یان چ هەڵوێستێك وەربگیرێت سەبارەت بەوەی بکرێت یان ئەنجام بدرێت؟ (P.H.Nowel ,1951:36).

بەو پێیەی مرۆڤ بۆ خۆی خاوەندارێتیی زمان دەکات، زەمینەش خۆشدەکات بۆ خاوەندارێتیکردنی مۆراڵی باڵاو بێهاوتا، لە بارەی کەلتور و یەکسانی و لە رێگەی پێڕەوی پەیوەندیکردنەوە، هەر لە رێگەی پەیوەندیکردنەوە دەتوانرێت پێڕەوی مۆراڵی بسەپێنیت، بەسەر منداڵ و هەرزەکار لە بەرانبەری (پەیمان، هەرەشە، خەڵات ، سزا)وە لە ئەنجامدا کۆدێکی دروستکردووە، کە توانای ئاگادارکردنەوەی رەفتاری هەیە، هەروەها دەکرێت لە رێگەی تۆڕی هاوبەشی و پەیوەندیکردن و رێکخراوە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانەوە پرەنسیپە مۆراڵییەکان بەرزبکاتەوە.

دۆزینەوەی پەیوەندیی کرداری لە نێوان زمان و مۆراڵدا، بریتییە لە توێژینەوە لە دەرکەوتنی هەر تایبەتمەندییەکی نێوانیان، ئەگەر سودی زمان بۆ گشتاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان بێت، ئەوا هەردووك دەبێ لەیەك کاتدا دەربکەوون و گەشە بکەن، لەڕاستیدا ئەم پەیوەندییە بۆ هەبوونی شارەزایی زمان بۆ وەسفکردن و رەچاوکردنی بەها مۆراڵییەکان دەگەڕێتەوە، واتە مرۆڤ نەك تەنیا لە توانای قسەکردندا، بەڵکو لە توانای دارشتن و یەکخستن و سەپاندنی بەها مۆراڵی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا کارامەیە (David S. Smith: 2018 . 4).

لێرەدا گەیشتینە ئەو راستییەی، کە ئاستەمە بەبێ زمان هەڵسەنگاندن بۆ مۆراڵی مرۆیی بکەین، بۆیە زمان هاوکارە لە دەستپێڕاگەیشتن و مەزەندەکردنی بیرکردنەوەی مۆراڵیمان، چونکە ئێمەی مرۆڤ دەتوانین نرخاندنمان بۆ دابونەریت و بیروبۆچوون و بەهاکان لە رێی زمانەوە هەبێت.

٢ . ٢: مۆراڵ و ئیتك

هەرچەند بەپێی هەندێك سەرچاوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان هەردوو چەمکی (مۆراڵ و ئیتیك) بە دیناکرێت، و لە هەندێك دەقی فەلسەفیدا هاوواتان، بەڵام هەندێکی دیکە جیاوازیی رون دەبینن. سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ئیتیك و مۆراڵ دەگوترێت، ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی تەواوکارییە و پەیوەندیی بەشە بە گشتەوە، مۆراڵ چوارچێوە گشتییەکەیە و ئیتکیش لەو چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە. ئیتیك زانستی مۆراڵە، دەستکەوتی زانیارییە دەربارەی بنەما مۆراڵییەکان، کە راست و هەڵە لەیەك جیادەکاتەوە، و مۆراڵیش پراکتیزەکردنی ئەو زانیاریانەیە.
( https://writingexplained.org/ethics-vs-morals-difference)

سەرەتا تیشك دەخەینە سەر چەمکی ئیتیك و دواتر بە چەند خاڵێك جیاوازیی نێوان ئیتیك و مۆراڵ دەخەینەڕوو.

٢ . ٢ . ١: ئیتیك (Ethics)

ئەگەر بمانەوێت لە روی زاراوەییەوە چەمکی ئیتیك بناسێنین، سەرباری ئەوەی یەکێکە لە ئاڵۆزترین چەمکەکانی نێو زانستە مرۆییەکان، و دۆزینەوەی پێناسەیەکی شیاو و گشتگیر، کە هەمووان یان لایەنی کەم زۆرینە لەسەری کۆکبن، کارێکی ئاستەم دەبێت. وەك ئەوەی کە زۆرینە سەرچاوەکان ئاماژەیان پێکردووە، دەتوانین بڵێین: ئیتیك، شێوەیەکە لە شێوەکانی هۆشیاری مرۆیی، رەفتارەکانی مرۆڤ لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەبێ هەڵاوێردن، لە ماڵەوە لەگەڵ خێزاندا، لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵك، لە کارکردن، لە سیاسەت، لە زانست و لە شوێنە گشتییەکان، دیسپلین و رێکدەخات (هێرش رەسوڵ، ٢٠١٣ : ١٠٨ – ١٠٩).

ئیتیك زیاتر واتایەکی فەلسەفی هەیە، کۆمەڵێك یاسا و رێسای پەیوەست بە پێکەوە ژیان پیادەدەکات، وەك نەریت و خوی تاکە کەسی یان گروپێك، هەموو مەودای هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە تاکەکەسێن بەبێ مەرج.

لە روی ئیتمۆلۆژییەوە، وشەی ئیتیك لە بنەڕەتدا لە (ئیتەس)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای شارستانیەت، دابونەریت، رەوشت، لانە ، هێلانە، زانین و ئیشکردن بەهەڵسوکەوتی جوان دێت. (ئیتەس) لە لای شاعیری و چیرۆکخوانی گەورە (هۆمیرۆس)هوە بە واتای شوێنی بوون، ژیانکردنی پێکەوەیی هاتووە، هەروەها (هیراکلیت)ی فەیلەسوف لە بارەی ئیتەسەوە وەها لێکدانەوە دەکات، کە بریتییە لە شێوازی ژیان، قسەکردنی هیراکلیت لەبارەی ئیتەسی مرۆڤەوە وابەستەکردنێتی لەکەڵ تێگەیشتنی ئەو چەمکە لەگەڵ جۆری رەفتار، یان کاراکتەر و کەسێتیی مرۆڤ (ئومێد حەمە عەلی، ٢٠١٨ : ١٣٧-١٣٨).

٢ . ٢ . ٢: ئەرکەکانی ئیتیك

ئیتیك، وەك بنەما و هەڵسوڕێنەری زۆرینەی بوارەکانی ژیان چەندین ئەرك دەبینێت، لە گرنگترینیان:

١. ئەرکی هەرە گرنگ و سەرەکیی ئیتیك بریتییە لە وابەستەکردن و رێکخستنی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ بە شێوەیەك بگونجێت لەگەڵ خواست وئامانجەکانی کەسانی بەرانبەردا (P.H.Nowell.Smith, 1954:137)
٢. گرنگیدان بە رازیبون و سازانی خواست و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ.
٣. ئەرکێکی تری ئیتیك، بریتییە لە پێواژۆی رێکخستنی کردار و خواستەکانی ئەندامانی هەر کۆمەڵگەیەك.
٤. هێنانەدی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەکدا (هەمان سەرچاوە،١٣٦، ١٣٧ ، ١٧٠ ، ٢٢٣).
٥. بەڵام مۆراڵ و مۆراڵیتی لە زمانی لاتینییەوە وەرگیراون، کە بەمانای هەڵسوکەوت و بەهاو نەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازی ئەنجامدانی شتەکان دێت. (Abdulkarim Abdullah:2018 :15).

٢ . ٢ . ٣: جیاوازیی نێوان مۆراڵ و ئیتیك

ئیتیك، چۆن ئەرك و بنەمای خۆی هەیە، ئەوا چەندین تایبەتمەندیشی هەیە، کە بە هۆیانەوە لە مۆڕاڵ جیادەکرێتەوە" لەوانە

١. مۆراڵ بە واتای بڕوای تاك، یان گروپ دێت سەبارەت بەوەی چی راستە و چی هەڵەیە؟، بەڵام ئیتیك، بنەمایەکی رێنوێنی هەیە، کە یارمەتی تاك یان گروپ دەدات، بۆ بڕیاردان لەسەر راست و هەڵە.
٢. مۆراڵ بنەمایەکی گشتی هەیە ، کە لەلایەن کۆمەڵگەوە دانراوە، بەڵام ئیتیك، وەڵامە بۆ بارودۆخێکی تایبەت.
٣. رەگی مۆراڵ لە (Mos)هوە هاتووە، کە بە واتای نەریت دێت، بەڵام ئیتیك لە (Ethiks)هوە هاتووە، واتای کارەکتەر دەگەیەنێت.
٤. مۆراڵ خۆی لە نۆرمە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکاندا دەبینێتەوە، و پەیوەست نییە بە پیشەوە، ئیتیك نۆرمەکانی (تاکەکەسی ، پسپۆری ، یاسایی... هتد)، بەڵکو پەیوەندیدارە بە پیشەوە.

٥. مۆراڵ بە پێی کەلتور، کۆمەڵگە، ئایین دەگۆڕێت، بەلام ئیتیك بە گشتی هاوشێوەیە و نۆرمێکی گشتیی هەیە.

٦. لە دەربڕیندا مۆراڵ ڕێسایەکی گشتیی هەیە، ئیتیك بنەما و چەمکێکی واتایی (معنوی) هەیە.

٧. مۆراڵ سەپێنراوە، و بژادەیەك نییە بواری گۆڕینی ئازادی ڕادەربڕین و ڕێگە بە هەڵبژاردن نادات، بەڵام لە ئیتیکدا ئەم بوارە هەیە.

٨. کەلتور و ئایین و کۆمەڵگە چوارچێوە بۆ مۆراڵ دادەنێن، بەڵام ئیتیك دەزگا و ڕێکخراوەکان چوارچێوەی بۆ دادەنێن.

٩. مۆراڵ بنەمایەکی ئایین، کۆمەلایەتی و کەلتوری هەیە بۆ تاك و کۆ، کە پێمان دەڵێت چی ڕاستە و چی هەڵەیە، هەروەها کۆمەڵە ڕێسایەکی ستاندارده، لە لایەن کۆمەڵگەوە پیادەدەکرێت. نمونەی هەندێ بنەمای مۆراڵی (دزینەکردن، وەفاداری/ئەمەك، پشودرێژی، بەخشندەیی)، ئیتیك سروشتیکی فەلسەفی هەیە، و لە بنەماکانی بەڕێوەبردن بۆ تاك و کۆ دەتوێژێتەوە، کاری سەرەکی ڕینوێنیکردنە بۆ بڕیاردان لەسەر باش و خراپ، ڕاست و ناڕاست، هەندێ نموونەی ئیتیك (ڕاستگۆیی، ڕێز، دادپەروەری).

١٠. لە مۆراڵدا پێویستە راستگۆبین، ئیتیك وادەکات ڕاستگۆبین لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا.

١١. مۆرڵ دەکرێتە ئەرك و گشتگیر دەکرێت، بەڵام ئیتیك ناکرێت بسەپێنرێت بە سەر هەموو بوارەکانی ژیاندا.

١٢. هەندێکجار ئیتیك دەکرێتە قوربانی مۆراڵ، بەڵام مۆراڵ ناکرێتە قوربانی ئیتیك.

١٣. بڕیار و ئەنجامی مۆراڵ لە چوارچێوەی کۆمەڵگە و کەلتور و ئایینەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیەو کەس لێی بەدەر نییە، و سروشتێکی ڕەهای هەیە، بڕیار و ئەنجامی ئیتیك لە چوارچێوەی بەکارهێنان/سیاقدا پیادەدەکرێت و بڕیاری لە بارەوە دەدرێت، بۆیە خەسڵەتێکی ڕێژەیی هەیە.

https://theconversation.com/you-say-morals-i-say-ethics-whats-the-difference-30913

دونموونەی زیندوو:


١. ئەگەر کوڕی بەرپرسێك تاوانێکی کوشتن ئەنجامبدات، دیارە بەرپرسەکە هەموو هەوڵێکی خۆی لە پێناو ئازادکردنی کوڕەکەی لە دادگا، و لە سزای تاوانەکەی دەخاتەگەڕ، ئەمە بۆخۆی ڕەفتارێکی نامۆراڵییە، کە لەلایەن بەرپرسەکەوە ئەنجامدەدرێت. بەڵام ئەگەر لە کاتی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕۆنامەنووسێك بە مەبەست پرسیارێکی نابەجێ و دور لەناوەرۆکی بابەتەکە لە کەسی بەرانبەر بکا ، ئەمە ناکرێت بە پێی مۆراڵ و نامۆراڵ هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، بەڵکو ئەمە دەبێتە بەزاندنی ئیتیکی لە پیشەکەیدا، واتە پیشەی ڕۆژنامەوانی

https://keydifferences.com/difference-between-morals-and-ethics.html

٢.	پارێزەرێك، کە لە دادگادا دەڵێت: بریکارەکەم تاوانبارە، ئەمە پیادەکردنی ڕەفتارێکی مۆراڵییە بۆ بەرپاکردنی دادگەری، بەڵام پێشێلی ئیتیکی پیشەکەی خۆی کردوە، کە بەرگریکردنە لە بریکارەکەی.

https://www.dictionary.com/e/moral-vs-ethical/

دایەگرامی تایبەت بە جیاوازیی نێوان مۆڕاڵ و ئیتیك.





https://byjus.com/free-ias-prep/difference-between-ethics-and-morality/

٢

٣.: بەهای مۆراڵیی جیهانی

مۆراڵ لەو لقە زانستیانەیە، کە گرنگی و بایەخ بە چاکەی گشتی دەدات و هەوڵی دانان و بڵاوکردنەوەی ڕێساگەلێك بۆ ڕەفتاری مرۆڤ لە کۆمەوڵگەدا دەدات، دەشێت مۆراڵ ببێتە بەشێك لە ژیانی کۆمەڵگە، ئامانەجەکانی زیاتر کردەیین، کاتێك مرۆڤ، بۆنموونە بیر لە ژیانی خۆی دەکاتەوە و ڕەخنە لە ڕەفتارەکانی خۆی دەگرێت، چەند نموونەیەکی بەرزی نێو کۆمەڵگە دەکاتە سەرمەشق بۆ خۆی هەوڵدەدات ڕەفتاری خۆی سەبارەت بە کۆمەڵگە بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕێکبخات، یان بگۆڕێت، ئەوا لەژێر کاریگەریی مۆراڵیدایە (مەنوچهر، ٢٠٠٥: ٧١). هەندێ بەهای مۆراڵی هەن، کە جیهانین (Universal Moral Values)، دەکرێت کۆمەڵگەکان بە هۆی زنجیرەیەك بەهای هاوبەشەوە بەیەکەوە ببەسترێن، ئەم زنجیرە بەها هاوبەشانە، بەهای مۆراڵی جیهانین و مۆراڵێتیی کۆمەڵگەن. واتە ئەو بەهایانەی، کە هاوبەشن بۆ هەمو خەڵك پێیان دەگوترێت بەهای مۆراڵی (جیهانی) ئەوانە جیهانین، چونکە هەموو کەسێك دەیانناسێتەوە، و بەشێوەیەك لە شێوەکان، جێبەجێدەکرێن لەسەر هەمووان، لە هەموو تەمەنێکدا. توێژینەوەکان لە بارەی ئەوهوە کۆڕان، کە مۆراڵە جیهانییەکان بریتین لە (مافی ژیان، ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤەکان و تایبەتمەندیی کەسانی دیکە، ئازادی لە ستەمکاری، مافی ژینگەیەکی سەلامەت و تەندروست، خۆشەویستی خێزان، چاکەدانەوە، ملکەچی یاسا و دەسەڵات و بوونی دەسەڵاتێك لە سەروی دەسەڵاتی مرۆڤ (خودای گەورە) و (ڕێزگرتنی خود) (Abdulkarim Abdullah:2018: 9)، بەشێوەیەکی گشتی بەها مۆراڵییە جیهانییەکان لەم دایەگرامەی لای خوارەوە دەخەینەڕوو، بەڵام مەرج نییە بە شێوەیەکی ڕەها و لە هەمو کۆمەڵگەکان وەکویەك پیادە و پراکتیزە بکرێت، ئەمەش بۆ جیاوازیی کۆمەڵگەکان لە ڕوی تێگەیشتن و کەلتور و ئایدیاوە دەگەڕێتەوە، چونکە خودی چەکی تێگەیشتن مژارێکی مۆراڵییە، و قەیرانی تێنەگەیشتن قەیرانێکی مۆراڵییە.




-Mohd Nizwn Musling, and, et al , (2020: 852).

## ئەنجامەکان

پوختەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکەمان، لەم چەند خاڵەدا بەرجەستە دەبێت:

١. مۆراڵ یەکێکە لەو لقە زانستیانەی، کە گرنگی و بایەخ بە چاکەی گشتی دەدات و هەوڵی دانان و بڵاوکردنەوەی ڕێساگەلێك بۆ ڕەفتاری مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا دەدات، بۆیە کایەیەکی گرنگی کۆمەڵگەیە و زامنی پاراستنیەتی لە داڕوخان، چونکە ئامانجە گشتییەکەی ئەوەیە، کە تاکێکی تێگەیشتوو و خاوەن کەسایەتییەکی باش پێشکەش بە کۆمەڵگە بکات.

٢. مۆراڵ پەیوەستە بە کۆی بوارەکانی ژیانەوە، هەروەها چاودێرە بەسەر کاروکردەوەکانی تاکەوە، لە هەمان کاتدا نەخشە ڕێگەیە بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و دەرونێکی ئارام.

٣. وەك زۆر بابەت و چەمکی دیکە، زاراوەی مۆراڵ و بنەماکانی لە زمانەوانیی کوردیدا تێکەڵ بە یەککراون، و وەك پێویست لێیان نەتوێژراوەتەوە، بۆیە لە ئەنجامە کردەییەکانی توێژینەوەکەی، ئەوەیە کە مۆراڵ و ئیتیك لە ڕووی چەمك و زاراوەوە، دوو کایەی جیاوازن لە ژیانی کۆمەڵگەدا، و هەریەکەیان گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

٤. بەهای مۆراڵی مەرج نییە لە هەموو کۆمەڵگەکان وەکو یەك پیادەبکرێت، ئەمەش بۆ جیاوازیی کۆمەڵگەکان لەڕووی تێگەیشتن و کەلتور و ئاین و ئایدیایاوە دەگەڕێتەوە، بەڵام هەندێك بەهای مۆراڵی هەن بە بەهای مۆراڵی جیهانی ناودەبرێن(Universal Moral)، وەك (مافی ژیان ، ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤەکان ، خۆشەویستی خێزان...تاد).

## سەرچاوەکان


به زمانی کوردی:

١- ئومێد حەمە عەلی:٢٠١٨، ئەخلاق و زمان،ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، سلێمانی.

٢- تەحسین حەمە غەریب (٢٠٢١) ئەخلاقناسی ، فەلسەفەی ئەخلاق،ناوەندی ڕۆشنبیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٣- شیلان عومەر حسین (٢٠٢٠)پێڕەوی زمان و پێواژووە ئاکارییەکان، توێژینەوەی کۆنفرانسی ئەخلاقناسی ناوەندی ڕۆشنبیری. سارا.

٤- شیلان عومەر حسین (٢٠٢١)، زانستی زمانی کارەکی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان، چاپی یەکەم.

٥- عەلی شەریعەتی (٢٠١٥)، زاراوە ناسی، و. حسین سەیید ئەدهەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.

٦- کەریم شوریف قەرەچەتانی (٢٠٠٩)، سایکۆلۆجیای گەشە (منداڵ و هەرزەکار)، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

٧- محەمەد بەکر (٢٠٢١)ئەخلاق لە دیدی عەبدوڵلا ئۆجەلاندا.

٨- مەنوچەهر موحسنی (٢٠٠٥) کۆمەڵناسی گشتی ، و. موسڵح ئیروانی چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.هەولێر.

٩- - هێرش ڕەسول موراد( ٢٠١٣) ئیتیك و یاسا لە میدیای کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

به زمانی عەرەبی:

١. أيمان عبدالمؤمن سعدالدين(٢٠٠٢)الاخلاق في الإسلام (النضرية والتطبيق)، الطبعة الأولى ، مكتبة الرشيد للنشر والتوزيع ، المملكة العربية السعودية، الرياض.

٢. خالد بن جمعة بن عثمان الخراز(٢٠٠٩) موسوعة الاخلاق ، الطبعة الأولى ، مكتب اهل الأثر للنشر وتوزيع.

٣. منير الحافظ (٢٠٠٥) الوعي اللغوى الجمالي في فلسفة الكلام ، دار الفرقد للطباعة والنشر . سورية ديمشق.

٤. مؤسسة الدرر السنية، موسوعة الأخلاق، الجزء الأول، مرجع علمي موثق على منهج اهل السنة والجماعة، http;//dorar.net.

به زمانی ئینگلیزی:

1- http://www.dityt.com/frankena/ethics.htm/
2- Joe Bennett (2014) Avoiding emotivism: A sociolinguistics approach to moral talk: University of Birmingham United Kingdom
3- P.H. Nowell- Smith (1954), Ethics ,Chapter 1, and Nowell- Smith Psycho – analysis and Moral Language.
4- David S. Smith, 2018, Moral Language Regulation. Psychology, BPP University, London, UK.
5- . https://writingexplained.org/ethics-vs-morals-difference).
6- Abdulkarim Abdullah:((2018) Language and Morality.
7- https://theconversation.com/you-say-morals-i-say-ethics-whats-the-difference-30913 7-
8- 8- https://keydifferences.com/difference-between-morals-and-ethics.html.
9- 9-https://www.dictionary.com/e/moral-vs-ethical./

10- https://byjus.com/free-ias-prep/difference-between-ethics-and-morality/

11- Mohd Nizwan Musling , Muhammad Zahid Ismail, Mohd Rosmizi Abdrahman , Robiatul Abdawiyah Mohd . international journal of Academic Research in Business and Sauciness and Social Skinless , Vol 10 . No. 7 , 2020 . p 852

**Morality and Language**

1- Assist Prof. Dr. Nawzad Anwar Omer
2- Assist Prof. Dr. Jalal Sadullah Hassan
3- Lecturer Salam Rahim Rashid

Kurdish Department – Faculty of Education – Koya University
Email: nawzad.anwer@koyauniversity.org / +964(0)7501099363
English Department – College of Education – University of Garmian
Email: Jalal.sadullah@garmian.edu.krd / +964(0)7701568584
Kurdish Department – College of Education – University of Garmian
Email: Salam.raheem@garmian.edu.krd / +964(0)7701576961

**Abstract:**

Morality is an important filed which contains groups of behaviors and habits which are applied and decided by community for indicating the right and wrong values. The moral behaviors and habits are not genetically based but they are gained, controlled by and developed by experience in community.

This study deals with applied linguistics which focuses up on morality and language, so it is hard and rare to find researches and studies written on morality and language in Kurdish, because both are mutually interwoven, and it is hard to separate them. In order to me moral, one should depend on language aspects because the social norms can be explained, discusses and developed through the language use. The method of the study is a descriptive and analytical method.

The study consists of two chapters with the introduction. The first chapter is devoted to morality terms, scopes and types, and the importance of morality in community. Chapter two discusses the connection between language and morality, importance of morality in language, linguistic morality and moral values.

The study ends with a number of important conclusions and list if reference.

Key words:
Language morality, ethics, culture, values